# شەڕکردن لەدژ پەکەکە، شەڕکردنە لەدژی هەموو کورد

**عەبدوڵڵا ئەحمەد گەرمکی**
abdulagermiki@yahoo.com

هەر لەدێڕ زەمانەوە وتویانە کورد خۆخۆرە، ئەمەش راستییەکی خۆی هەیە و لەزۆربەی سەرهەڵدانەکانی کوردان ئەمە لەپێش چاوە، راستە بەگورزی دوژمن تووشی نەسکۆیی و ماڵوێرانی هاتوونین، بەڵام تەماشا دەکەیت لایەنێکی تری ئەنجامنەگرتنی سەرهەڵدانەکان، کورد هەر خۆی بووە، کارەکتەری سەرەکی سەرنەگرتنی هیچ کام لەو سەرهەڵدانانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کوردان لەبەر ئەوەی هەمیشە بوونەتە لێستۆکی دەستی نەیاران، بۆیە دەبینیت رۆڵێکی بەرچاوایان گێڕاوە لەوەی کە کورد یەکنەگرێت، یانیش نەگاتە مافە سروشتییەکانی، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو کارێکیان گرتۆتەبەر بۆ شکستهێنانی فلانە و فیسانە هەراو سەرهەڵدان و شۆڕش، ئەمەش تاوەکو قۆناخی ساڵانی نەوەتەکان لەناو کورداندا ئەو دیاردە قێزەوەنەی چەتەچێتی هەر هەبووە.

گەر چاوێك بەمێژووی تاڵی ساڵانی نەوەت هەتاوەکو دوو هەزار بخشێنیت دەبینیت پڕە لەشەڕی براکوژی و جەولە یەك لەدوای یەکەکانی براکوژی کار گەشتە ئەو ئاستەی کە بەهەزاران لاوی نەبەردی ئەم نیشتمانە زامدارە بەفیڕۆ بچێت و تاکە لایەنیش کە لەو رەوشە سوودمەندبوو هەر نەیارانی کورد بوون، هەموو ئەوانەش لەپێناو بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی  و پارەو پولدا بوو، خیانەتێکی وا بەڕێوە دەچوو کە تا سەر ئیسقان بۆنی خوێنی لێدەهات و هیچ لایەکیش نەبوو ببێتە بژیوان بۆ ئەوەی ئەو خوێنە رابوەستێ و هەموو دوژمنانیش سەیری ئەم فلیمە خوێناوییەیان دەکرد و لەکۆتایشدا پاڵەوانانی ئەم مێژووە تاڵە، بۆخۆیان هەتنە سەر دەسەڵات و بەرهەمی خوێنی ئەوانیتریان خوارد.

لەم چەند ساڵەی رابردوودا هەندێك ئەم خوێنرژانە بەربەستکرا، ئەوەش لەبەر ئەوەی پاڵەوانەکان گەشتنە ئامانجەکانی خۆیان، هەرچەندە سیاسەتێکی وا بەڕێوەدەچێت لەکوردستاندا کە بەگوێرەی پێداویستی قۆناخ نییە و گەلەکەمان لەبەرشەبلاوییەکی دیکەوە هێنایە سەر ئەوەی کە تاکەکانی کۆمەڵگا سەر لێشێواوتر بکات و ئەمەش تا خەڵك بگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە فشەی بەکوردایەتی و نەتەوایەتییەوە هەبێت، چونکە ئەو سیاسەتە چەواشەکارییە سیاسەتی لای کوردان رەش کرد و وای پیشاندەدا کە دەرەوەی چینێکی سنووردار کەس سیاسەت نازانێت و ئەوەش سیاسەتێکی جیاوازتر بکات زیندان و ئەشکەنجەدان و هەتاوەکو پاکتاوکردن دیارییەتی، ئەگەر سیاسەتێك بەڕێوەبچێت و بەرژەوەندی ئەوانی تێدا نەبێت ئەوا لەرێ دەرکەوتووە و دەبێت سانسۆری بخرێتەسەر، گەر دەنگێکی جیاواز هەڵبڕرا، پێویستە ئەو دەنگە سەرنوقم بکرێت، گەر ناڕەزایت دەربڕی و خۆپیشاندانت کرد، یان دەبێت وەکو سەردمی بەعس بێت خەڵك بەزۆر لەدەوامە فەرمییەکان دەربهێندرێت و بیانهێننە سەر جادە، یانیش ئەگەر جیاوازتر بێت و مەسڵەحەتی ئەوانی تێدا نەبێت ئەوا بەلوولەی تفەنگ و هێزە دابڵۆسێنەرەکان رووبەڕووت دەبنەوە.

لەوڵاتێکدایین هەموو شتێك بووتە بەسە و بڤە و رەخنە مەگرەو هەموو رێگاکانت لێدەگێردرێت و ناتوانی هەناسەیەك چییە بەئیسراحەتی هەڵیمژی، گەر بەپێچەوانەی ئەوانەشەوە بوویت ئەوا پێویستیت بەبەرخۆدانێکی گەورەیە، تا بەرەنگاری ئەو رەوشە ناهەموارە بگریت، چونکە گەر وابیت ئەوان ئەمە بەکۆتایهێنانی خۆیانی دەزانن بۆ ئەمەش هەموو دەرگاکانت لێ دادەخەن بۆ ئەوەی دەرگات لەپێش نەمێنێت و ساردتبکەنەوە، بۆیە ئەوانیش دەزانن کە خەڵکانێك هەن کار بۆ کوردستانێك بکەن کە سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی وەکو سیستەم بکرێتە ژیانی و ئازادییەکانی رەگەزی و دیموکراتی راستەقینەو ژیانێکی تەندروست و ژینگە پارێزی بەرجەستە بکرێت دژ بەو سیستەمەی ئەوان رادەوەستێ، چونکە سیستەمێك کە ئەمڕۆکە لەکوردستاندا بوونی هەیە، سیستەمی کامپیتالیزمە ئەو سیستەمەیە کە مرۆڤایەتی بەرەو قەیران و هەڵدێرێکی نادیار دەبات. ئەو سیستەمەیە کە پێوانەکان و ئەخلاقی سەرمایەداری بەبەهەند وەردەگرێت ئەو سیستەمەیە کە ژیانێکی ئاژەڵیانە و مردن و نەمان و پاکتاوکردن و دیموکرادی و ئازادی و یەکسانی و...هتد ژێر پێدەکات، سیستەمێکە کە تا دواڕادە بەرژەوەندیپەرستە و حەز بە خوشگوزەرانی خەڵك ناکات، سیستەمێکە کە ژن و منداڵ و پیاو پیرو پەککەوتە و گەنج لەرێگای راستەقینەی ژیانی وەکهەڤی دەردەخات، سیستەمێکە کە حەز لەخوێنڕشتن و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی جۆراوجۆر و فسادی بەرجەستەدەکات.

بۆیە ئەمڕۆکەش هەر لەپێناو بەرژەوەندی حزبی و شەخسی جارێکی تر دەیانەوێ دەنگی ئازادیخوازان کپ بکرێتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش کارتی سوور نیشاندراوە و هەنگاوی جددیانەیان ناوە و هەر لەداخستنی بارەگاکانی (پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان) و گەمارۆدانی هەرێمی پاراستنی میدیاو چەندین هەنگاوی دیکەی کە دڵخۆشەکرانەبوو بۆ دەوڵەتی تورکیا. هەر بۆ ئەمەش بوو کە سەرۆك کۆماری تورکیا (عەبدوڵلا گول) لەلێدانێکی رۆژنامەوانیدا وتبووی (حکومەتی هەرێم خەریکە ئاقڵ دەبێ) ئەمەش بەڵگەی ئەو راستییەیە کە حکومەتی هەرێم داخوازییەکانی تورکیای جێبەجێکردووە، بەڵام داخوازی تری سەرەکی ئەوەیە کە جارێکی تر شەڕ دژی پەکەکە بکەنەوە، گەر واش بکات و بەقسەی ئاغاکانی تورکیا بکەن ئەوا دەرەوەی ئەو (500) کۆمپانیایانەیان کە هەم بۆ کاری بازرگانی و جاسوسی هاتوون پێشیبخەن و گوایە ئابووری حکومەتی هەرێم باش بکەن، بۆ ئەمەش وەك دەزانرێت دەسەڵاتدارانی هەرێم لەهەرێمی پاراستنی میدیا دەستیان کردۆتە کۆکردنەوەی زانیاری لەو ناوچانە و هەروەها هێزێکی زۆریشیان بەو قەندیل بردووە، ئەمەش بەواتای شەڕ دێت و زەمینە خۆشکردنە بۆ شەڕی برا کوژی، بۆیە لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستانەی حکومەتی هەرێم دەبێت رێگا لەو هەڵوێستانە بگرێت و چونکە لەبەرژەوەندی یەکێتی و یەکڕیزی کوردان نییە و بۆ ئەمەش دەبێ گەلەکەمان لەبەشە جیاجیاکانی کوردستان و سیاستمەداران و نووسەران و رۆشنبیران دژی کردەوەیەکی لەوجۆرە رابوەستن و نەهێڵن جارێکی تر شەڕی (کورد — کورد) سەرهەڵبداتەوە، چونکە ساڵانی پێشوومان لەپێش چاوە دەرەوەی ماڵوێرانی و جەرگ سوتانی دایکان هیچی ترمان دەستنەکەوت و پەکەکەش بەشەڕێکی وا نە پاکتاو دەبێت و نەش لەناو دەبرێت، چونکە پەکەکە ئەو هێزەیە کە بەرامبەری سوپای تورکیا بگرێت و بەهێزی خۆیی خۆی هەموو  پیلانەکان بۆ سەر تەڤگەری ئازادیخوازی گەلەکەمان بەرابەرایەتی پەکەکە پوچەڵ بکاتەوە، لەبەرامبەر ئەو سیاسەتەی دوژمنانیش پێویستە سیاسەتێکی راست بەڕێوەبچێت و بەرژەوەندی گەلەکەمان لەبەرچاو بگیردرێت، بۆ ئەوەی چیدی کارێکی لەوجۆرە دووبارە نەبێتەوە، شەڕکردنیش لەدژی پەکەکە شەڕکردنە لەدژی سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی و شەڕکردنە لەدژ کوردانی رۆژهەڵات و رۆژئاواو باشوور و باکوور، چونکە تاقە هێز لەگۆڕەپانەکەدا کە بەڕاستی نوێنەرایەتی کورد بکات پەکەکەیە، دەبێت ئەم راستییەش باش بزانرێت.